ژماره (٧) حوزەیرانی ٢٠٠٧ – جۆزەردانی ٢٧٠٧

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە مانگانە لە رانیە دەردەچێت

لەسەر ماڵپەڕی کوردستان نێت لەبەشی بڵاوکراوە کوردییەکان بخوێنەوە

http:// / kurdistannet.net/ znar/



١٠ شیعەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست



٢٨ فەلسەفە



٣٩ توندو تیژی



٤٦ مافی چارەنووس



٦٨ دیدار لەگەڵ خاڵە فەرە



٥ چاوپێکەوتن لەگەڵ هەڵۆ ئەحمەد کوردە



٤٥ خەتەنەکردن

خاوەنی ئیمتیاز:

ئەردەڵان یوسف محمد

(ئەردەڵان مام وسو دزەیی)

سەرنوسەر:

قادر ئەحمەد عومەر (هەڵگورد)

بەڕێوەبەری نوسین:

غەفور نادر حەمەدەمین

مۆبایل و ئیمەیلی سەرنوسەر:

٠٧٧٠١٤٥٤٣٣٠ئاسیا ٠٧٣٠١١١٣٢١٨سانا

halgordpshdare@yahoo.com

مۆبایل و ئیمەیلی ب. نوسین: :

٠٧٧٠٢١٣٤٧٢٢ئاسیا ٠٧٣٠١٥٢٠٧١٤سانا

gafurranya@myway.com

ئیمێلی گۆڤار

znarmagazin@yahoo.com

ئەدرەسی نوسینگەی گۆڤار:

ڕانیە شەقامی گشتی کتێبخانەی هەنگاو

دیزاینی بەرگ و بابەتەکان

کۆمپانیای نێوەند

چاپ و پەخشی دەکات

تیراژ: (٢٠٠٠)

# سەرکردایەتی کوردو ....دبلۆماسیەت



عوسمان ڕسوڵ

زاراوەی(دیپلۆمات )ووشەیەکی فەرەنسیەو بەمانای سیاسەت، زانستی سیاسەت، پەیمانداریتی نێوان وڵاتانی جیهان دەگرێتەوە کەنوێنەری سیاسی وڵاتێك لەگەڵ نوێنەری وڵاتێکی تردا گفتوگۆو لێدوان دەکەن لەپێناوی پاراستن و بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگا لەهەموو ڕوویەکەوەو دیپلۆماسی لەزانستی سیاسی سێ مانای هەیە -:

یەکەمیان :بەگشتی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەتە لەهەموو ڕوویەکەوە وەکو باری سیاسی، ئابووری زانستی...هتد بەڕێوەبردنی گەلیشە کەبەم هۆیەوە دەتوانێ سەرکەتن و خۆش گوزەرانی بۆ خەلك دابین بکا.

دووەمیان: دبلۆماسیەت شێوازێکی هونەری ڕاستو دروستە لەسیاسەتە نێودەوڵەتیدا کەکار دەکا بۆ ئارامی وئاسایشی ووڵات بپارێزێ لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی وچەواشەنەکردنی خەڵك و کۆمەڵگادا.

سێ یەمیان :دیپلۆماسیەت کار دەکا لەپێناوی نەهێشتنی شەڕو ئاژاوە لەدنیاداو چاکردن و پێشخستنی ووڵاتان لەڕووی ژیارو شارستانیەت و مەدەنیەت و مۆدێرن دا پەنا بردن بۆ زمانی گفتوگۆو لێك تێگەیشتن لەپێناوی هەڵنەگیرسانی شەڕو خۆش گوزەرانی خەڵکداو لەپێناوی ئەوەی کەشەر ئامانج و چارەسەر نیيە لەدنیادا ، بەڵام دیپلۆماسی ووشەیەکی یۆنانیەو وەرگیراوە ( DIPLMA)واتە )بڕوانامە (و زانستی هونەری و ئیدارەو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و بەردەوام لەگۆڕان و گفتوگۆدایە بۆ گەشەدان و بەرەو پێشەوە چوون هەنگاو ئەنێ ، دیپلۆماتی سەرکەتو ئەوکەسەیە کەنەرم ونیان و ڕۆشنبیری یەکی گشتیو ناوخۆی ودەرەکی هەیەو دەتوانێ بەیەکێك لەزمانە بێگانەکان بەشێوەیەکی چاك قسەبکاو بنوسێو بخوێنێتەوەو لەسەر هەموو بابەتێك شارەزاو ووردبێ و دووربین و بیرمەندبێ لەکاتی گفتوگۆدا ڕستەی جوان وکورت پیادە بکات و قسەکانیشی پێچەوانەی یەکتری نەبن وئەبێ ووریابێ نەکەوێتە ژێر گوشاری هەڵچون و سۆزو هەڵەشەی وەخاوەن بەرنامەو ڕێچکەی گونجاوی هەبێ ولەکات وشوێنی خۆیدا قسە بکاو پێش وەختیش ئامادەکاری هەبێ لەسەرکارەکەی ، هەروەها دپلۆماتیکی ئینگلیزی دەڵێت )) :دیپلۆمات ئەو کەسەیە کەدەتوانێ بەشێوەیەك پێت بڵێ بڕۆ بۆ جەهەنەم بەجۆرێك کەئەوەندە بەخۆشیەوە بڕۆیت و وابزانیت کەبەڕاستی دەچیت بۆسەفەر ((دیارە لەژیانی دبلۆماسی دا چەندە کارامەو لێهاتوبی ئەوەندە سەرکەوتو ئەبی ، چونکە ڕووبەڕووی کێشەی جۆراو جۆر وناکۆك ئەبیەوە لەولاتانداو بۆیە باشتراویە لەسەر کەلەپورو مێژووییان شارەزابی و لەهەمان کاتیشدا زمانی گفتوگۆو لێدوان جێگای شەڕو پێکدادان بگرێتەوەو نەهێڵی رووبدا، کاری دبلۆماسی بریتیە لەڕاپەڕاندنی کاروباری نێودەوڵەتی وەکو سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتی، بازرگانی،کەلتوری، پەیوەندی ئاسایشی و نەتەوەیی ...هتد

*هۆی نەبوونی دبلۆماسیەتی کوردی

نەتەوەی کورد هەمیشە داگیرو دابەش کراوی چوارپارچە بووەو لەهەمان کاتیشدا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەبووە بۆیە لەدامەزراوە رەسمی و جیهانیەکان دانی پیانەنراوەو هەروەها ئەندامی نەتەوەیەکگرتوەکان نەبوە ، بۆیە لەڕووی دبلۆماسیەت دا ڕۆڵی نەبوە هەرچەندە هەندێ نوێنەرایەتی حیزبی لەهەندێ ولاتان دا هەبوە ، بەلام کاری ئەمانە سنوردار بوەو لەڕووی شەرعیەتی نێودەوڵەتیەوە (ناوخۆ و دەرەکی ) هەیەو کوردیش شەرعیەتی ناوخۆی هەبو بەشێوەیەکی بازنەی و ناوچەی و سنوردار ، لەلایەکی تریشەوە کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە لەڕووی ئابوری و سامانی ئاوی و کانزای سروشتی و جوگرافی یەوە ، هەروەها ناوچەیەکی کشتوکاڵی و ستراتیژیە لەداهاتودا بۆیە هەمیشە چاوتێبڕینی داگیرکەران بوەو بەنەوتەکەی خۆی سوتاوەو بەئاوەکەشی خنکاوەو سیاسەتی جینۆسایدو ئەنفال و کیمیاوی و تەعریب و ڕاگواستن ...هتد لەلایەن دوژمنانیەوە پەیڕەو کراوەو چوار دەوریشی بەداگیرکەران تەندراوەو ئەمەش بۆتە هۆی سستی و لاوازی دبلۆماسیەتی کورد لەڕابردوودا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جوڵانەوەی کوردی کەلەبازنەیەکی تەسکدا ئەخولایەوە ، توانی دەنگی ناڕەزای گەلی کورد بگەێنێتە دنیای دەرەوەو ئەنفال و کیمیاویش ڕاستی ڕووداوەکانیان پیشانی جیهان داو لەڕۆژنامەو کەناڵەکان و پەیوەندییە دەرەکیەکانیش ئازاری میللەتەکەیان بەدنیا ڕائەگەیاند ، بۆقۆناغی ئەوسای سەردەمی شاخ زۆر بوو سەرەڕای نەبوونی پسپۆڕی و دەرامەت و پەیوەندیەکان ، هەروەها نەبوونی یەك دەنگی و بەرەی لەناوجوڵانەوەی کورداو بونی شەڕی ناوخۆ بۆماوەیەکی دووروودرێژ ووزەو تواناکانی لەکارخستن ...

*دبلۆماسیەتی کوردی 2

ڕاپەڕینی ساڵی 1991و دانانی هێڵی 36 لەکوردستان دەروازەیەکی گونجاو دان پیانراوی نیمچە سەربەخۆی لەبەردەم گەلی کوردو جوڵانەوەیەکی دا کردەوەو توانیمان حکومەت و پەرلەمان دروست بکەین ، بەڵام بەداخەوە لەبێشکەدا خنکێنراو نەمان توانی چالاکی دبلۆماسی خۆمان بەشێوەیەکی گونجاو نیشان ولاتان بدەین و دوایش ببینە ئەمری واقیع ودەوڵەتان تەعامولمان لەگەلدا بکەن ، لەبری پەنابردن بۆدبلۆماسیەت و لێك تێگەیشتن و پەند لەڕابردوو وەرگرتن گەڕاینەوە سەردەمی قۆناغی شەڕو پاوانخوازی و تاکڕەوی وەکو دووعەشیرەتی و میرنشینی و خوێنەخۆر لەلایەن ولاتانەوە تەماشا دەکراین و ئەمرەکانی ئەوانمان لەپێناوی لەناوبردنی یەکتری جێبەجێ ئەکرد ئەمەش بوە ئیفلاسیەتی دبلۆماسی




کوردی و داگیرکەرانیش وەکو مقاش بۆمەرامەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنان بۆ دژی یەکتری و تەنانەت جوڵانەوەکانی پارچەکانی تر ، نەمان توانی دەستورێکی نەتەوەی بۆگەلی کورد بنوسین و پیادەی بکەین تاوەکو ئێستا بەڵکو لەشوێنی ئەمەدا دەستوری حیزبی و ناوچەی پەیڕەو ئەکرا و گوێ لەبەرژەوەندی گشتی نەئەگیراو پەیوەندییە دەرەکیەکانیش هەموو حیزبی بوون و لەدژی یەکتری کاری جاسوسیان ئەکردو هەرلایەو بەرژەوەندی حیزبەکەی لاگەورە تربوو لەگەلەکەی دووئیدارەی و بەئەقلیم کردنی شەڕی ناوخۆ گەلی کوردو جوڵانەوەکەی بەرەو دواوە برد ...، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دامەزراوی رەسمی و نیمچە رەسمی لەهەندێ وڵاتان دروست بوو ، وەکۆچی بەلێشاوی پەنابەران بۆ دەرەوە لەزۆر بون دابوو ، ئەمەش وای کرد کەکورد و کێشەکەی زیاتر بناسرێت و دەکرێ جوڵانەوەی کوردی بەبەرنامەیەکی هاوبەش و گونجاو پێکهاتەی هەموولایەنەکان کاری هەماهەنگی و هاوبەش ڕێك بخا لەئاستی دەرەوەدا یەك دەنگی و ڕیزی پیشانی دنیا بدا بەبیری نەتەوەییانەوەو ، هەروەها سوود لەکۆچبەرەکان وەربگرێ و لۆبی کوردیان لێدروست بکا لەڕووی سیاسی و ئابوریشەوە ڕێکیان بخاو سوودیان لێ ببینێ ئەمەش بەهاوپەیمانیتی تێکرای جوڵانەوەی کوردی هاوبەشدا دێتەدی و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی هەندێ ڕووداوی مێژوویەوە ئەورپیەکان ڕقیان لەعەرەب و تورك هەیە ، وەکو کوشتنی ئەرمەنەکان وشەڕی سەلیبەکان لەلایەن موسڵمانە عەرەبەکان کەخەریك بوو وڵاتانی ئەورپا قوت بداو بیخاتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان ، سێیەکی ئەورپایان گرت و گەیشتنە نزیك )ڤیەننا (و ئەمەش تاوەکو ئێستا لەدڵ و مێژووی ئەورپیەکاندا هەر زیندوەو تەنانەت لەخوێندنگاکانیش دا ئەخوێنرێ ، وە سەردەمی عوسمانیەکان و ئەمەوییەکان ڕوویەکی ناشیرینن بۆ گەلی ئەورپا ، لەلایەکی تریشەوە زۆر لەنوسەرە ئەورپیەکان لەسەر کوردیان نوسیوە کەلەلایەن عوسمانیەکان چەوسێنراونەوەو ئەمەش هەست و سۆزێکی بۆ کورد لای ئەورپیەکان دروست کردوە ئێستا زەمینەی ناوخۆو دەرەوە لەبارە بۆ جوڵانەوەی دبلۆماسیەتی کوردی کەئەسپی خۆی تاودا بۆ ئەمەش پێویستە کەسانی پسپۆڕرو شارەزاو نەتەوەی کاریان پێ بسپێردرێ و دووربن لەگیانی حیزبایەتی بۆ ئەوەی ڕۆڵی کورد بەیەکگرتوی پیشانی دونیا بدەن و جالیەی کوردیش لەدەرەوە کۆبکەنەوەو بەکاریان بهێنن ، کەئەمرۆ ئەورپای و ئەمریکای گرتۆتەوە کەئەم دوو جەمسەرەش چەقی قورساین لەدنیاداو کوردیش ئەمرۆ هەرێمی سەربەخۆی هەیە و لەهەمان کاتیشدا لەلوتکەی دەسەڵات و ناوەندی عێراقیشدا قورسای خۆی هەیە بۆیە پێویستە لەپاڵ کاروبارەکانی عێراقدا دبلۆماسیەتی کورد لەناوخۆو دەرەوەدا زیاتر برەو پێ بداو مەسەلەی نەتەوایەتیەکەی فەرامۆش نەکاو خاوەن بڕیارو شوێن پەنجەی دیاربێ لەپاڵ عێراقدا کار بۆناساندنی گەلەکەی و مافەکانی بکاو پشتیوانیش بێ لەسیاسەتی هاوپەیمانان لەعێراقدا بەیەك هەڵوێستی ڕاگەیاندنەوە کاربکاو هەریەکەو لەئاوازێك نەخوێنێ و پەڕلەمان و حکومەت کاراتر بکا نەك بیکاتە دیکۆرو دیوەخان و بڕیارەکان لەسەری ڕەش و قەڵاچوالان نەدرێن و پێویستە سەرکردایەتی کورد قورسای خۆی لەم بوارەدا زیاتر بکا ، کارە بۆ جیاکردنەوەی حیزبی و حکومی و مەسەلەی فیدڕالی بەشێوەیەکی تەم و مژاوی نەهێڵێتەوەو بڕیار بدات کام شێوەیان هەڵدەبژێرێ ڕەگەزی یا جوگرافی مێژووی یان سەربەخۆی بوئەوەی ئەم هەلەمێژوویە لەدەست نەچێ ، چونکە بەچاك وخراپیەوە سەرکردایەتی کورد بەرپرسیارە دەبێ لەگەڵ هەر گۆڕانکاریەکیشدا بەرنامەو کارو چالاکیمان هەبێ و گیانی پسپۆڕی و شارەزای و کەسی شیاو لەبەرچاوبگرین و دووربین لەخزمایەتی و گەندەڵی و حیزب پەرستی و خۆویستی دەناتوشی شکست دەبینەوەو پێویستە سیاسەتێکی ڕوون و شەفاف لەژیانی ڕۆژانەو ڕاگەیاندن دا پەیڕەو بکەن دوور لەژێر بەژێری و هەستی نەتەوایەتی بەرز ڕابگرن .

سەرچاوە :فەرهەنگی نوێ بورهان قانح .

# پاشەکشەی ئەمریکا لە پشتیوانی کردنی دیموکراتیەت ئۆکرانیا وەك نمونە

**جاکسۆن دیل***

**و. هەڵگورد ئەحمەد**

لەسایەی ئەو شکستانەی رووبەرووری ئیدارەی جۆرج بۆش دەبنەوە، بۆ زۆرێك لە خەڵكی بڕوای ئەوەی کە پرۆسەی ناردنەدەرەوەی دیموکراسیەت بۆ ئەو گەلو کۆمەڵگایانەی لە ئازادیو دیموکراسی بێبەشن سیاسەتێکی هەمیشە شکستخواردونەبوە ئاسانکردووە. چونکە بە ماوەیەك دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانە ئەوروپیەکانی لە رێگای پەیمانی ناتۆو یەکێتی ئەورووپاوە هاوکاری یەکتریان دەکرد بە ئامانجی گۆڕینی چەندین لەو دەوڵەتە سۆسیالیستیانەی رۆژهەڵاتو ناوەڕاستی ئەوروپا بۆ وڵاتی دیموکراسی، بەڵام جێگای بڕوا نەبوو ئەوکات کە ئایا کام لەو وڵاتانە یاخود تێکرایان لە کۆتاییدا هەڵبژاردنی پاكو ئازادانەو بازاڕی ئازاد قەبوڵ دەکەن یاخود نا؟ هەرچەندە چاکەی ئەو سەرکەوتنی دیموکراسیەتە لەو وڵاتانەی لەسەر ڕەوتی ئازادیو دیموکراسی بەردەوام بوون بۆ ئەو هاریکاریو پارمەتیانە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتانی هاوپەیمانی رۆژئاوا پێشکەش بەو وڵاتانەیان کرد. زۆرن ئەو کەسانەی ئەمڕۆ ئاماژە بۆ عێراق وەك نمونەیەکی زیندوو دەکەن، کاتێك هەوڵەکانی بنیاتنانی نەتەوەکان شکست دەهێنێ. بۆیە پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: دوای تێپەڕبوونی دەیان ساڵ لە زوڵمو ستەمو چەوساندنەوە، ئایا چ ڕوودەدا لەبەرامبەر دەستەوەستان بوونی رۆژئاوا لە پارمەتی دانی ئەو نەتەوەو کۆمەڵگایانەی لەپێناو گەیشتن بە رژێمێکی سیاسی باشتر کۆشش دەکەن؟ وەڵامەکە هەرچیەك بێت، ئەمە ئەو کارەیە کە لەوڵاتێکی دوور لە عێراق ڕوودەدات، کە ئەویش ئۆکرانیایە. سێ ساڵ پێش ئێستا کاتێك ئەجیندا تایبەتیەکەی بۆش بۆ پاڵپشتی لە دیموکراسیەتو بڵاوکردنەوەی ئازادی لە ئەوجی بەهێزیدابوو ئەوکات ئۆکرانیای کردبووە میحوەری گرنگیدان. هەربۆیەش پارەیەکی زۆری ئەمریکا بۆ ئەو وڵاتە هەڵڕێژراو پارمەتی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی پێدەدرا بە ئامانجی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاكو بێگەرد. کاتێك یەکێك لەوانەی لایەنگری رووسیابو هەوڵی دزینی دەنگەکانی دا لەڕێگای فرتو فێڵەوە، ئیدارەی بۆش زۆر بە توندی کەوتە پشتیوانی کردنی ئەو بزوتنەوە جەماوەریانەی لەدژی دروست بوون. تاوەکو ئەو بزوتنەوانەی بە «شۆڕشی پرتەقاڵی» ناسرابوون دەسەڵاتدارانیان ناچار بە دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان کرد. ئیدی ئەوەبوو «فیکتۆر یۆشنکۆ»ی رۆڵە بەنازەکەی رۆژئاوا لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوت، بەمەش هەنگاوەکانی بە ئەندامبوونی ئۆکرانیا لە پەیمانی ناتۆ خێراتر کران. بەڵام ئەو بادانەوەیەی لە پاڵپشتی کردنی دیموکراسیەت لە وڵاتەدا ڕوویدا، ئاماژەیەکە بۆ پاشەگەزبوونەوەی ئەو ئیدارەیە لەو بەڵێنو دروشمانەی بەرزی کردبونەوە لە رابردوودا. هەربۆیە ئۆکرانیا ئێستا بە تەنگژەیەکی سیاسیدا تێدەپەڕێ، هەردوو جەمسەری پێك ناکۆك بۆ جاری دووەم بریتین لە سەرۆك "یۆشینکۆ"ی لایەنگری رۆژئاواو رکابەرە سەرسەختەکەی سەرۆك وەزیران" فیکتۆر یانۆکۆفیتش"ی لایەنگری مۆسکۆ. هەربۆیە لە کاتێکدا هەریەکەیان ئەوی دیکە بە هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کودەتای سەربازی تاوانبار دەکات، جەماوەر بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی دامو دەزگا حکومیەکان لە ناو جەرگەی (کییف)ی پایتەخت کۆبونەتەوە. وادیارە ئۆکرانیا لەکاتێکدا لە ژێر کاریگەری ئەو ڕێککەوتنەی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پێشوەختەو بەکارهێنانی هێزو کۆششی هەردوولا بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلات دەناڵێنێ، لایەنی وونبووی ئەو دیمەنە پڕ لە گرژیو مەترسیەدا ئیدارەی جۆرج بۆشو هاوپەیمانەکانیەتی لە پەیمانی"ناتۆ" بەشێوەیەك خەریکە پەیوەندیەکان لەگەڵ بەرپرساندا تەنها بۆسەر ئاستی باڵیۆزی وڵاتە یەکگتووەکان لە ئۆکرانیاو بەرپرسی کاروباری ئەوروپا لە وەزارەتی دەرەوە بچووك بکرێتەوە. لە کاتێکدا هەوڵەکانی" کۆنستانتین" وەزیری دەرەوەی پێشوو گەورە راوێژکاری سەرۆك وەزیران"یانکۆفیتش" لەسەردانی بۆ واشنتۆن لە دیتنی گەورە بەرپرسانی ئاسایشی نەتەوەییو جێگری سەرۆك شکستی هێنا گووتی" ئەوەی کە ئێمە پێویستمانە لە واشنتۆن، ئاراستەکردنی پەیامێکی بە هێزە بۆ هەردوولای پێك ناکۆك کە بەرژەوەندیان لەوەدایە پابەندی بنەماکانی دیموکراسیەت بن" هەروەها گووتی "بەڵام تاکو ئێستا ئەو پەیامەی لە واشنتۆنەوە پێمان دەگات ئەوەیە کە، واشنتۆن بەلایەوە گرنگ نیە لەوڵاتەکەمان چ ڕوودەدات" ئەوەی جێگای سەرنجە لاوازی ئەو پەیامەی ئەمریکا بۆ کییڤ نەبوونی پەیوەندیە تەلەفۆنیەکانو کەمی سەردانەکانی بەرپرسان نیە لە پایتەختی هەردوو وڵات، بەڵکو بە پێی راپۆرتێکی کۆمەڵەی«فریدۆم هاوس»کە ڕێکخراوێکە گرنگی بە مافی مرۆڤ دەدات، کەمکردنەوەی بوودجەی ئامادەکراوە بۆ پارمەتیدانی دەرەکی ئیدارەی ئەمریکا بۆ ئەمساڵ. ئەمەش ئاماژەیەکی گەورەی تێدایە بە ئاقاری کەمکردنەوەی ئەو هاوکاریانەی بۆ پرۆسەی گۆڕانی دیموکراسی لە هەریەك لە وڵاتانی ئەورووپاو ئاسیای ئەورووپایی. هەر لەو چوارچێوەیەشدا واچاوەڕوان دەکرێت ئیدارەی ئەمریکی هاوکاریەکانی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئۆکرانی بە رادەیەکی زۆرکەمبکاتەوە، لە کاتێکدا ئەو ڕێکخراوانە بوون ئەو شۆڕشەیان لە ساڵی ٢٠٠٤ بەرپا کرد کە ئۆکرانیای بەرەو دیموکراسیەت برد. بەشی زۆری هۆکاری ئەو کەمکردنەوەیەش لە پاڵپشتیکردنی دیموکراسیەت لە وڵاتانی جۆراوجۆری دونیا، بۆ ئەو خەرجیە زۆرە ماددیەو زیانە بەشەریانە دەگەڕێتەوە کە ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بە تایبەتی لە عێراقو ئەفغانستان تووشی هاتوە.

*نوسەرو لێکۆڵەرێکی ئەمریکیە لە"واشنتۆن پۆستولۆس ئەنجلۆس تایمز" بەبەردەوامی دەنوسێت.

*لە سایتی«icaws» بە دەسکاریەوە وەرگیراوە.

**هەڵۆ ئەحمەد کوردە:**

# لەهەر کوێیەکی دنیا کێشەیەك لەبەینی ئافرەتو پیاو هەبووبیۆ لەمن بپرسن بێ سێو دوو دەڵێم خەتای پیاوەکەیە

هەڵۆ ئەحمەد کوردە لەدایک بووی ٩ /١ /١٩٥٥ گەڕەکی چوارباخی سلێمانیەو ئەو ڕۆژەی ئەو لەدایک دەبێت باوکی لەبەغدا دەگەڕێتەوەو لەکەرکوک بەسەر شەڕی نێوان کوردو تورکماندا دەکەوێت بۆ ماوەی سێ مانگ ناتوانێ بگەڕێتەوە سلێمانی. هەر لەلاوەیەتیەوە خۆی گوتەنی عەشقی کوردستانو وڵاتێکی سەربەخۆ دەبێتو لەم پێناوەشدا چەکی خەباتو کوردایەتی دەکاتە شانو تا ئەمڕۆش خۆی بە پێشمەرگەی ئەو ئاواتو خەونە دەزانێ، لەم دیدارە فرە تەوەرەدا بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان هێناومانەتە دواندن.



**بەشی دووەم**

**زنار/ بەڕێزتان سەردەمێك بزوتنەوەی ئازادی خوازانتان دامەزراند بیرۆکەو ئامانجتان چی بوو**

هەڵۆ ئەحمەد: لەراستیدا من باوەڕم بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هەیە، ئەو دەمەش وەزعی کوردو بەرەی کوردستانیو بیرکردنەوەکانیش بە شێوازێکی دیکەبوو. بۆیە من لەدوای ئەوەی لە هەوڵە رۆشنبیریەکانمدا سەرکەوتوو نەبووم، لەگەل کۆمەڵێك هەڤاڵی دیکەدا بیرمان لەوە کردەوە کە رێکخراوێکی سەربەخۆی کوردستانی پێکبهێنین کە رێکخراوێکی رۆشنیبریو فکری نەتەوەیی بێتو لەسەر ئەو بنچینەیەش زۆرتر بیرمان لەلایەنی پەروەردە دەکردەوە ئەوکاتەشو ئێستاش من پێم وایە کەسایەتی کوردی تێکشکێنراوە، رۆشنبیری نەتەوەیی کوردیو کوردستانی لاوازە . بۆیە هەولی دروستکردنی ئەو رێکخراوەمان داو لەسەرەتا بەکردنەوەی خولی رۆشنبیری دەستمان پێکرد.

**زنار: چارەنووسی ئەو رێکخراوە بەچ گەیشت**

هەڵۆ ئەحمەد: بەڕاستی ئەوەشیان وەك مەتەڵ وایە، زۆر لەهەڤاڵان جەختیان دەکردەوە دەبێت سەربەخۆبین. هەمووشیان دەیانزانی پێویستیان بەپارەو ژیان هەیە چونکە لە کوردستان حزبایەتی بەدەستی بەتاڵ ناکرێت . دیارە بۆ ئەوکاتەش دەبێت روو لە ینك یان پارتی بنێیت. من لەکاتێکدا لە ینك وازم هێنابوو ئەوان ئەو هاوکاریەیان نەدەکردم بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵیان دەدا خەڵکیشم لێدورخەنەوە. ئەو دەمە پارتیش هاوکاری نەدەکردین بەو شێوەیەی ببین بە حزبێکی گەورە. ئێمە زۆری نەمابوو سەرەتا تووشی هەڵە ببین چەند مانگێك لەگەڵ حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان بۆ پێکهێنانی حزبی سێیەم هەوڵماندا. دواتر کە زانیمان ئامانجەکانی ئەوانیش بەرێگای دیکەدا دەڕوات کە ئێمە لەگەڵیان یەکناگرینەوە ناچار هەڵمانوەشاندەوە.

**زنار/ بەشێکی زۆر لەبەرپرسە حزبیو حکومیەکان، ئەوروپایان دیوە، بەڵام کاتێك کەدێنەوە، هەمان ئەو تێڕوانینو فیکرەی کە لەوێ مومارەسەی دەکەنو پێی ڕاهاتوون، لێرە پەیڕەوی ناکەن هۆکاری ئەمە چییە، زۆر جار بێ هیچ ئیستنتاجێك، دەگەڕێنەوەو پێچەوانەی یاساکانی ئەوێ دەجوڵێنەوە.**

هەڵۆ ئەحمەد: زۆر بەداخەوە زۆرترین خەڵك لەوانەی دەچن بۆ ئەووروپا سود وەرناگرێ، ئەوروپا شتی زۆر باشی هەیە کە دەتوانین سودی لێوەرگرین، شتی زۆریشی هەیە کە بەکاری ئێمە نایەت، بەڵام بەداخەوە نەگبەتیەکە لەوەدایە، زۆربەی ئەوشتانەی کە بەکاری ئێمەنایەت ئەوەدەهێننەوە، بۆنموونە . . مرۆڤی ئەوروپی، وڵاتی خۆی خۆشدەوێتو خزمەتی دەکا، لەوێ کەسێك قوتویەکی بیپسی فڕێناداتە سەر جاددە، کەسێ کە ئیش دەکا بە ئیخلاسەوە ئیش دەکا، لەشەشی بەیانیەوە دەڕوا بۆدەوام، تا پێنجی ئێوارە دەوام دەکات بەجددی، لەمەعمەلێك ئیشەکەی دەکا بەدڵسۆزی، فرتو فێڵ کەم دەکا، ئینسان لەوێ درۆناکاو لە مجامەلە بەدوورە، وڵاتی خۆی خۆشدەوێتو هەوڵ دەدات بەرهەمی زۆری بۆ بەدەست بێنێ، ئەوە یەکێك لەمەسەلە گرنگەکانە. کەباسی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەین، ئەوروپا کۆمەڵگەی مەدەنیە، لەوێ تاك دەوری هەیە لە بەرهەمهێنانو داهێناندا، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو تاکانە زۆربەیان کەدێنەوە بۆ ئێرە، چونکە

خەڵکەکەمان بەجۆرێك لەمشەخۆری فێربووە، ئەوەشی لە ئەوروپا دێتەوە یان هەندێکی کەدەچێتە ئەوروپا، بەم عەقڵیەتەوە دەچێت‌و ئەوە دێنێتەوە. لەهەموو کەناڵەکانەوە دەکەوێتە هەڵپەی پارەپەیداکردن، خۆزگە ئەوەی لە ئەوروپا دەیبینێ ئەوە بهێنێتەوە.

**زنار/خۆت کەسێکی زۆر گەنجانە هەڵسوکەوت دەکەی پیریت پێوەدیارنییە، بەڵام من مەبەستم لەوەیە، خۆت لە ئەولەویەتی کارەکانی خۆتدا تا چەند کارکردن بۆ یارمەتیدانی گەنجان‌و کارکردن بۆیان لەدەستووری کاری خۆت داناوە.**

هەڵۆ ئەحمەد : من باوەڕم زۆر بەگەنجەو گرنگیشی پێ دەدەم، بەڵام گرنگی بەو گەنجە دەدەم کە هەوڵبدات خۆی خۆی پێ بگەیەنێ، هەوڵ بدات بە راستگۆیی گەورەبێ، خۆی دوورخاتەوە لە مجامەلات‌و فرت‌و فێڵ، ئیشکەربێ‌و باوەڕی بەخۆی بێ، ئەم جۆرە گەنجانە من لەبیلبیلەی چاوم خۆشترم دەوێن، هەوڵیش دەدەم پێیان بگەیەنم خزمەتیان بکەم، هەوڵیش دەدەم لەناو حزبدا کە ئێستا من لێرەم زۆرترین رێژەی گەنج بهێنمە ناو مەیدانەکەوە، بەڵام من ئەو گەنجەم خۆشناوێ کە تەمبەڵبێت‌و حەزی لەئیشکردن نەبێ، من ئیهتیمام زۆر بەگەنج دەدەم‌و گەنجم خۆش دەوێ.

**زنار/بابێینە سەر ژیانی خۆت‌و لە رەخنەوە دەست پێبکەین، مرۆڤی رۆژهەڵاتی بەرەخنە قەڵس دەبێت، یاخود هەر هیچ نەبێت هەوڵ دەدات بۆ هەر رەخنەیەك پاساوێك بهێنێتەوە، تۆ لەبەرامبەر رەخنەدا چۆن هەڵس‌و کەوت دەکەی**

هەڵۆ ئەحمەد: من پێموایە ئینسانی رۆژهەڵاتی ئەسڵەن لە رەخنە نەگەیشتووە، بەباوەڕی من تێگەیشتن لە رەخنە ئەوەیە، پێویستە ئینسان پێشەکی لەخۆیەوە دەست پێبکاو رەخنە لەخۆی بگرێ، هەتا ئێستا رەخنەو تێگەیشتن لێی لە وڵاتی ئێمە نییە، من باوەڕم وایە هەموو مرۆڤێك رۆژی لانی کەم سەعاتێکی ژیانی خۆی تەرخان بکاو لەگۆشەیەکدا دابنیشێ، رەخنە لەکاروبارو هەڵس‌وکەوتی ئەو رۆژەی خۆی بگرێ، کە بەداخەوە ئەمە نییە، لەمن بپرسی و بڵێی ئازاترین کەس لەدنیا کێیە، من دەڵێم ئازاترین کەس ئەوانەن کە رەخنە لەخۆیان دەگرن. بەڵام کاتێك دێینە سەر ئەوەی کە رەخنەت لێ دەگرێ هەمیشە ئەوانەی کەزۆر رەخنەگرن زۆرترینیان ئەوانەن کە تەمبەڵن، تەوەزەلن‌و خۆیان ئیش ناکەن، باوەڕت بێ زۆرجار دەبینن کەسێك کۆمەڵێك موکەسەرات‌و قۆڕیاتی هەیە، بەڵام کە دێتە ژوورەوە رەخنەیەکی حازرکردووە بۆ ئەوەی سەرو گوێلاکی نەگرین، تەبعەن ئەمە کارەساتە، بەداخەوە کارەساتە. زۆرجار باسی ئەوە دەکرێ رەخنەی روخێنەرو بیناکەرو ئەمانە، من پێموایە خەڵك ئەسڵەن بەڕەخنە پێش دەکەوێ، ئەگەر خەڵك لە رەخنە بگات، بە پێچەوانەوە تۆ بەمن دەڵێی فلانە شت نابێ وابێ من زۆر خۆشحاڵم، بەراستی تا ئێستاش رێنەکەوتووە من توڕەببم، قەت رێنەکەوتووە کەمن وەڵامی رەخنەیەك بە تووڕەیی بدەمەوە، هەڵبەتە من مەشهورم بەوەی کە زۆر بە تەحەمولم، تا رادەی جوێندانیش لەخەڵکی قبوڵ دەکەم، چونکە من یەك لەو کەسانەم یەکجار زۆر باوەڕم بەخۆمە بۆیە هیچ گرفتم لەم بارەیەوە نییە، بەڵام راستیش ئازارت دەدا کە دەبینم کابرا زۆر تەمبەڵەو کردەوەی ناشیرینە کەچی کەدێت پاساوی بۆخۆی پێیە، زۆرجار بەپێکەنینەوە وەلامی ئەو کەسانە دەدەمەوە خۆی ئەگەر تێبگا دەزانێ ئەوەچییە، بەڕای من پێکەنینەکە وەلامی ئەوانەیە.

**زنار/بەشێك زۆر لەو بەرپرسانەی کە پێش راپەڕین ژیانی هاوسەریان پێکهێناوە، دوای راپەڕین کە ژیانیان خۆش بووە، ژنیان بەسەر هاوسەرەکانیان هێناوە، ئەو هاوسەرانەی کە بەشداری تاڵی‌و سوێریەکانی رابردوویانیان کردووە.**

هەڵۆ ئەحمەد: من حەقم نییە بەسەر خەڵکی ترەوە، من بۆخۆم یەك کەسێکم لەژیانی خۆما دەنك‌و دەزگیرانم نەبووە، هەرگیز حەزیشم لە ئافرەت نەکردووە، من زۆرتر حەزم لە کوردستان‌و خەباتکردن کردووە، هەرگیز ئافرەتێك بەمەبەستی عیلاقات‌و خۆشویستن نەهاتۆتە ناو ژیانی منەوە، من عاشقم بەراستی، بەڵام عاشقی کوردستان، (عاشقێکی سەوداسەری کوردستانم) سەبارەت بەژنی کۆنم ئێستاش ژنەکەم بەشێکە لەژیانم‌و زۆرم خۆش دەوێت، رەنجی لەگەڵ کێشاوم‌و نیوەی خەباتی شارو پێشمەرگایەتیم بەهی ئەو دەزانم، تەقدیری هەیەو زۆرخۆشەویستە لەلام. سەبارەت بەژنهێنانم پەیوەندی بەوەوەنییە کە ئافرەتێکم خۆشویستبێ، من لەبەر ئەوەی کوڕەکانم زۆر زۆر زیرەك بوون لە مەکتەب، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ژیانی پێشمەرگایەتی‌و ئەشکەوت‌و ناڕەحەتیەوە، بێگومان هیچ منداڵێکی من نییە پارچە ئاسنی لەلەشیدانەبێ‌و بریندارنەبووبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەی زیرەکیش بوون بەداخەوە ماوەیەك لەشاروشاخ‌وماوەیەك لە ئێران‌و دواتر ماوەیەك گەڕانەوە،خوێندنیان پچڕپچڕکرد تا گەیاندمنە ئەوروپا، کەچوشمە ئەوروپا بەخواستی خۆمان نەبوو دووچاری بووین، بەبێ هاوکاری هیچ کەسێك ساڵی ١٩٩٦بەپێ چووینە ئەوروپا، کە گەیشتینە ئەوروپا منداڵەکانم گەیاندە ئەوێ خۆشم‌و منداڵەکانم پەشیمان بووینەوە، چونکە منداڵەکانم زیرەك بوون ئێستا خوێندنیان تەواوکردوە، بەڵام دوایی خۆم گەڕامەوەو بیرمان کردەوە کە لەمن‌و خێزانەکەم دەبێ یەکێکمان لای منداڵەکان بێ، چونکە غەدری زۆرمان لێکردبوون، من گەر قەرزداری کەسێك بم باوەڕناکەم هی هیچ کەسێك بم تەنها منداڵەکانم نەبێت، بۆیە هەستم کرد غەدری زۆرمان لێکردوون، لەگەڵ هاوسەرەکەمدا لەسەر ئەوە پێکهاتین کە ئەو لەلایان بمێنێتەوە، گەرچی ئەو زۆری هەوڵدا بێتەوەو لای من بێت، لەبەینی من‌و منداڵەکان من هەڵبژێرێت،



# هەمیشە ئەوانەی کەزۆر رەخنەگرن زۆرترینیان ئەوانەن کە تەمبەڵن، تەوەزەلن و خۆیان ئیش ناکەن



بەڵام من تکام لێکردو گوتم بۆ ئەوەی منداڵەکان خوێندن تەواو بکەن تۆ بمێنەوە لای ئەوان. کە ئەویش مایەوە لای ئەوان من بەتەنیا مامەوە، هەستم دەکرد لە ژیاندا پێویستیم بەکەسێکە کە هاوسەرم بێ، دیارە ساڵی جارێك دەچوومەوە بۆ ئەوێو ئەوانیش دەهاتنەوە، ئیدی بیرم لەوە کردەوە کە بەتەنیایی نەژیم بۆ ئەوەی قسەو قسەڵۆکم بۆ دروست نەبێو توشی گوناهباری نەبم، هەڵبەتە من باوەڕم بەخواوو قورئان هەیەو مەسەلەی دیانەتیش لای من گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو نوێژدەکەم، بەراستی لەقسەو قسەڵۆك دەترسم، هەوڵمدا ژن بهێنم، بەڵام تا ئێستاش پەیوەندی خێزانیم هیچ گرفتێکی تێدانییەو تێشیدا نابێت.

**زنار/ زۆر گلەیی لەسیاسیو حزبیەکان دەکرێ کە گوایە وەکو جاران خوێنەری کتێب نینو کتێبیان فەرامۆش کردووە، ئایا هەڵۆی ئەحمەد کوردە نێوانی لەگەڵ کتێبو خوێندنەوە خۆشە یان تۆش فەرامۆشت کردووە.**

هەڵۆ ئەحمەد: جارێ پێش هەموو شتێ من سیاسی نیم بەراستی، دەکرێ ناوم بنێی، تێکۆشەرێك، پێشمەرگەیەك، بەڵام کە واقعی سیاسیش تووشی کردووین سیاسیم، من رۆژانە ئیشەکەم وایە لە هەشتو نیوی بەیانی بێم تا نۆی شەو لێرە دەوام بکەم، نان خواردنی نیوەڕۆیانیش ناچمەوە ماڵو ئیسراحەتم نییە، کەم مەجالم هەیە، بەڵام بەقەدەر مەجالەکەی خۆشم دەخوێنمەوە، من پێموایە کەسی سیاسی دەبێ ئاگای لەدنیابێو بخوێنێتەوە، نابێت تەنها کتێبی سیاسیش بخوێنێتەوە، بەڵکو دەبێ کتێبی ئەدەبیو رۆشنبیریش بخوێنێتەوە، من بۆ ئەو بوارە چ گەنجێك خۆی زۆر بەشارەزا دەزانێ لەشیعرو ئەدەبدا بابێت مناقەشەم لەگەڵ بکا، دەتوانم بڵێم لەگەنجی ئێستا زۆر زیاترم شیعر لەبەرە، ناڵێم شارەزاییم زۆرهەیە، بەڵام بەقەد حەجمی خۆم شارەزاییم لەبوارەکانی ئابووری، کۆمەڵناسی، سیاسیی هەیە، بەڵام راستیەکەی پێم خۆش بوو، دەرفەتم هەبێتو زیاتر بخوێنمەوە، بەداخەوە دەرفەتی خوێندنەوەم کەمترە، دەتوانم بڵێم رۆژی سەعاتونیوێك دووسەعات دەخوێنمەوە، حەزم لێیە زۆرتر بخوێنمەوە بەڵام ئەو دەرفەتەم کەمە.

**زنار/زیاتر چی دەخوێنیەوە**

هەڵۆ ئەحمەد: راستی خوێندنەوەمان ئێستا بووە بە چێشتی مجێور، من لە بواری کۆمەڵناسیو ئابووری دەخوێنمەوە هەڵبەتە لەبواری مێژوویش دەخوێنمەوە،لەبواری ئەدەبیش شیعرو رۆمان دەخوێنمەوە بەپێی مەجالێ کەهەمە، بەڵام لەشیعری ئێستای ئەم سەردەمە کەمتر خۆم داوە، شاعیرو چیرۆکنووسی رەسەنت کەم هەیە، کۆمەڵێ چیرۆکنووسو رۆماننووسی باش هەن کە حەز ناکەم ناوەکانیان ریز بکەم، شتەکانیان دەخوێنمەوە، بەڵام بەلای ئەم هەموو پاشاگەردانیەدا ناچمو نایان خوێنمەوە.

**زنار/گوتت من لە ژیانی خۆمدا دڵداریم نەکردووە، ئەی قەت رێنەکوتووە کچێك پێت سەرسام بێتو ئەو بەتۆ بڵێ خۆشم دەوێی**

هەڵۆ ئەحمەد: نەوەڵڵا پیاو راست بڕوا دەزانی چییە، بۆچی رێنەکوتووە کچێك پێم بڵێ خۆشم دەوێی چونکە من هەمیشەپێشمەرگە بووم لەشاخ، بە دەیان جارئافرەت هاتووە باوەشی پیاکردووەو ماچی کردووم، من پێموایە دەستنوێژم لەکەس ناشکێ، من لەخۆمەوە دنیایەکم بۆخۆم دروست کردووە کە هەرگیز ئافرەتێك جورئەت نەکاو بڵێ خۆشم دەوێی، رەنگە بەدواکەوتوویان زانیبم. لە ساڵی ١٩٧٦ چەند کچێکی برادەرم هەبوو یەك لەوانە موهەندیسەو یەکێکی دیکەیان قانوونی بوو، ئەمانە رەفیقم بوون، یەکێکیان زۆر زۆر لێم نزیك بوو، زۆر پرسو راوێژمان بەیەکتری دەکردو شتمان بۆیەکتری باس دەکرد، بەڵام ئەوەی کە زۆر سەیرو سەمەرە بوو هەمیشە من دەمویست باسی کوردایەتیو خەبات بۆ ئەو بکەم، کەچی لەدواییدا تێگەیشتم ئەو دنیایەکی دیکەی لەمن دەوێ، ئیدی لێمدابڕاو لێم دوورکەوتەوە، بانموونەیەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە کچێکی برادەرم موهەندیسە بوو، مامیشم حاجی بوو، ئافرەتێکی زۆر جوان بوو، ئیشێکی خانووکردن هەبوو مامم هاتبوو بۆلای ئیشەکە لەبەیانیەوە هاتبوو بەڵام کەنیوەڕۆ من چووم سەری لێبدەم، سەیر دەکەم مامم هەر لەلای ئەو دانیشتووە، لێمپرسی مامە تۆ لە بەیانیەوە هاتووی ئەوە نیوەڕۆیە لێرە چی دەکەی، پێی گوتم خوابتگرێ خەڵك دڵی دێ ئەمە بەجێ بێڵێ( پێکەنین) پێی گوتم زاڵم ئەوە ئەوندە تۆی خۆش دەوێ چەند سەعاتە لای دانیشتووم سەری زمانو بنی زمانی هەر ناوی تۆیە، باشە ئەوە تۆ خوا ناتسوتێنێ لە جەهەنەمدا وا لەگەڵ ئەم کچە رەفتار دەکەی، گوتم بۆ مامە خۆمنیش ئەووم خۆش دەوێ بەڵام من وا تێدەگەم ئەو ببێتە پێشمەرگەو تەنزیم لەگەڵماندا وەکو ئەو ژنە جەنگاوەرە ڤێتنامیانە. من لەگەڵ هەرکچێکدا کە خزم بووبێت یان رەفیقم، ویستوومە بیکەمە کەسێکی شۆڕشگێڕ بەڵێ رەنگە جاری وا هەبووبێ ئافرەتێك وابیری کردبێتەوە وەکو ئەم نموونەیەی باسم کرد، بەڵام هەرگیز رێی ئەووم پێنەداوە، چونکە

من هەمیشە خۆشەویستم هەبووە کەئەویش کوردستان بووە.

**زنار/مەسەلەیکی گرنگ هەیە ئەویش مەسەلەی ژنان، هەڵبەتە ئەمە مەسەلەیەکی جیهانییەو تایبەت نییە بەکورد، بەڵام لەکوردستان رۆژانە بەبەرچاوی هەموومان ژنان بەدڕندەترین شێوە تیرۆر دەکرێن، تۆ تێڕوانینت بۆ مەسەلەی ژن و ڕێکخراوەکانی ژنان و مافی ژن چۆنە**

هەڵۆ ئەحمەد: لە راستیدا ئەم پرسیارە زۆر زۆر هەڵدەگرێت، بەداخەوە خۆزگەم دەخواست بەدەیان دیمانە لەسەر ئەم باسە ساز بدەین، من بۆخۆم یەکێکم لەوانەی هەمیشە لەگەڵ ئافرەتان بەراشکاوانە قسەدەکەم، واتای گەر ببینی لە شوێنێکدا کەلەگەڵ چەند ئافرەتێك قسە بکەم پێتان سەیرنەبێت هەڵۆ هەرگیز دڵداری لەگەڵ ئافرەت نەکردووە بەم شێوەیەش قسە دەکا، بەڕاستگۆیانە قسەکەدەڵێم، لەهەر کوێیەکی دنیا کێشەیەك لەبەینی ئافرەتو پیاو هەبووبێو لەمن بپرسن بێ سێو دوو دەڵێم خەتای پیاوەکەیە. من پێموایە ئافرەتان لەسەرتاسەری جیهاندا مەزلۆمو ستەم لێکراون تەنانەت لە ئەورووپاو دنیای پێشکەوتووش. بەڵام ئافرەتان بەدەستی خۆیان خۆیان کردووە بە کۆیلەی پیاو، هیچ پیاوێك نییە لەم وڵاتەی ئێمە، لە رۆشنبیرو مامۆستای زانکۆوە تا پیاوی سیاسی، دکتۆرەکانیش، هەموویان حەزدەکەن ژن بێنن خزمەتیان بکات، تا ئێستا گوێت لێنەبووە پیاوێك بڵێ من لەگەڵ فلانە ئافرەت ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە، هەر دەڵێ ژنم هێنا، لەو ووشەیەوە تێبگەن، کە دەڵێ ژنم هێنا مانای هێنای بەپارە دەیکڕێو دەیفرۆشێ، مارکس قسەیەکی مەشهوری هەیە دەڵێ (زواج البورجوازیە لیس الا بغاء رسمی) بۆچی وادەڵێ، لەوسەری دنیاوە تا ئەمسەری دنیا بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتدا، هەرکەسێ دەبینی دەڵێ ژنم هێنا یان ژن دەهێنم بەوەندە، هەتا ئێستاش نەریتەکە وایە کە ماڵی باوکی کچەکەش داواکاری هەیە بۆ ماڵی کوڕەکە، کەم رێك دەکەوێ کچو کوڕێك بەیەکەوە ماڵ بۆخۆیان دروست بکەن، کە دەڵێ ژنم هێنا لەوتەی ئەوەوە مانای ژنەکە بووە بەکاڵا، فەرقی چیە تۆ تەلەفزیۆنێك دەکڕی بە هەزار دینار سەیارەیەك دەکری، یان ژنێك دەهێنی (٢٠٠٠)دۆلاری تێدەچێ وەکو کەرەستەو کاڵایەك، ئەو پیاوە ڕێی تێدەچێ بە عەقلیەتی پیاوسالاری رەفتار لەگەڵ ئەم ئافرەتە بکات. دەبینی کە پیاوێك رۆشنبیرە یا خوێندەوارێکی باشە تۆزێك بوار دەرەخسێنێ بۆ ئافرەتەکەو مەجالی دەدا، هەزارویەك ناوو ناتۆرەو قسەی پێ دەڵێن، دەبێت پێش هەمووشتێك ئافرەتان لەوە تێبگەن کە ناتوانن ئازاد بن گەر گیرفانێکی ئازادیان نەبێ، ئەگەر خەرجیەکانی ئازاد نەبێت، چۆن دەکرێ، ئەمە بەوەدەکرێت کە ئافرەتان بەشداری بکەن لە بەرهەمهێناندا، ئەمەلەلایەك لەلایەکی دی، ئافرەتان دەبێ هەوڵ بدەن ئەو ئازادیەی کەدەیلێن لەپێشاندا متمانە لەماڵی باوكو دایکیاندا بۆخۆیان مسۆگەر بکەن، دوایی متمانەی هاوسەرەکانیان، چونکە لەماڵی هەمووخێزانەکان کە کچو کوڕێکی دەبێ باوكو دایكو براکە، رەفتاریان وایە کوڕەکە پێش کچەکە دەخەن، گەر منداڵێکیان دەبێ کوڕە بەخۆشی وەردەگرن بەڵام کچەکە بەدڵ ناخۆشی، دوایی کچەکە دەبێ خزمەتی براکەی بکا، کۆمەڵێك لەو شتانە وای کردووە ئەهمیەت بۆکچ کەمبێتو بۆ کوڕ زۆربێت. بۆیە ئافرەتان پێویستە زیاتر بەشداری بکەن لەبەرهەمهێنان، متمانە لای باوكو دایكو براکانیان دروست بکەن دواییش مێردەکانیان. خاڵی دووم کە ناکرێت لە گفتوگۆیەکی وا کورتدا باسی بکەین ئەوەیە، کە کچێك لە شازدە ساڵیو حەڤدەساڵی پێدەگاتو دڵی بە کوڕێکەوەیە، نەریتی ئەم وڵاتەی ئێمەوایە، کچەکە تاوانباردەکرێتو کوڕەکە وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت، من پێموایە ئەمە ناحەقییەکی گەورەیە دەرهەق بەئافرەت، بۆچی کچو کوڕێك بەیەکەوە پەیوەندی خۆشەویستیان هەیە، بۆ کوڕەکە دەربازی دەبێتو کچەکەش محاسەبە دەکرێ، پێموایە ئەم عەقلیەتە دواکەوتوانەیە پێویستە عیلاجی بکرێو بەهەمووشێوەیەك کاری لەسەر بکرێ، حاڵەتێکی دیکە، ژن خێزانی پیاوێکەو پیاوەکە ناتوانێ حەقی ژنەکە بدات لەهەموو رویێکەوە هەتا لەرووی ژیانو خەوتنیشەوە، کەناتوانێ حەقی تەواوی بدات، زوڵم لە ئافرەتەکەدەکاتو ئافرەتیش ناتوانێ تازە لەپیاوەکە جیا ببێتەوە، کەجیاش بێتەوە دەبێتە دەستی دوو،کەس نایهێنێ، بەهەزاران پیاوهەیە دەستی سێو چوارو پێنجیشە گوێی نادەنێ، بەڵام ئافرەتێك لەروانگەی ئەوان کەبوو بەدەستی دوو ئەوا ئەم ئیهتیمامەی نادرێتێ، ئەم وشەی بێوەژنە لەوڵاتی ئێمە کە زۆر ناشیرینە، پیاوێك چەندین ئافرەتی گۆڕیبێ بەڵام بۆ ئافرەتێك ناشیرینە ژنی پیاوێك بێت کە شەهید بووە یان پیاوەکەی لێی جیابۆتەوە ئاسایی نەبێ، ئەمەش زۆرتر پەیوەندی بە نەریتەوە هەیە، چونکە ئێمە زۆرجار لەمەلاکان دەبیستن کە ئایین وانییەو قورئان واباس ناکا، بۆیە بەستنەوەی ئەمە بەتەنها بەئاییینەوە راست نییەو غەدرە لەدیانەتو ئینسانەکانیش، من پێموایە هەمووی نەریتی خێڵەکیو هەڵقولاوی دواکەوتوییە، یەعنی کە دەڵێن

**هەڵوێستی ڕێکخراوە مەدەنیو ئافرەتانیش لاوازەو شەرمنن و لەئاستی پێویست نین.**

ئافرەت دایکمان ئافرەتە خوشکمان ئافرەتە، هاوسەرمان هەیە، بەراستی هەموو بەقسە شتێکینو بە کردەوەش شتێکی دیکەین. من دەڵێم ئافرەت دەستی هەیە دەمی هەیە چاوی هەیە هۆشو عەقڵی هەیە، تەنها ئالیەتی تەعامولی جنسیان نەبێت جیایە، باشە بۆچی دەبێ ئافرەتەکە لەخوار پیاوەوە بێتو سوڵتەی نەبێت، من بە بۆچوونی مارکس قسە ناکەم کەدەڵێ ئافرەت موڵکی پیاو نییە، من دەڵێم ئافرەتیش مرۆڤەو پیاویش هەر مرۆڤە، دوو مرۆڤن کۆمەڵگە تەواو دەکەن، ئەگەر ئافرەتان لەناو خێزاندا رێیان بۆ خۆش بکرێتو خۆشیان هەوڵ بدەنو قۆلی لێ هەڵبماڵنو ئیعتیماد بخەنە سەرخۆیانو متمانە درووست بکەن لای کەسە نزیکەکانی خۆیان، بۆ ئەوەی پیاو نەتوانێ هەڵی بخەڵەتێنێو درۆی لەگەڵ نەکات، ئێستا بەداخەوە زۆر لە گۆڤارو رۆژنامەکان دەیبینین، ئافرەتێك دەڵێ فلاُن پیاو وای خەڵەتاندم ئافرەتێك دەڵێ فلاُنەکوڕ وای لێکردم، بۆچی دەبێ وابێ کەتۆش کەسێکی وەکو ئەو، کەوابوو من پێموایە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو، هەندێکجار دەڵێم دڵساف یان شتێکی دی، بەڵام هەر کەسێك بخەڵەتێ دەبێ خۆی باجی هەڵەکەی خۆی بدات. لەسەر ڕێکخراوەکانی ئافرەتان من دڵم نایەت هەندێ شت بڵێم، بەڵام کارانینو هەڵسوڕاو نین، زۆرسەیرە جاری واهەیە نووسینێك دەبینم هی زۆربەی



ئافرەتان نالێم هەمووی چونکە جاروبار قەڵەمی باش دەبینی، بەڵام زۆرایەتیەکەی جارێکی کە ئافرەت دەباتەوە ژێر ڕکێفی پیاو کە لەخزمەتی پیاودایە، هەڵوێستی ڕێکخراوە مەدەنیو ئافرەتانیش لاوازەو شەرمنو لەئاستی پێویست نین.

**زنار/ تۆ بەرپرسی لقی لەناو پارتیدا لەهەمان کاتیشدا برایەکی ترت بەرپرسی مەڵبەندێکی یەکێتییە، مەبەستم کاک(بارزانی ئەحمەد کوردەیە) پەیوەندیتان چۆنە ئێستا.**

هەڵۆ ئەحمەد : هەڵبەتە من براگەورەیانم، من پێشمەرگەبووم براکانم خەباتیان لەمنەوە دەستپێکردووە، بارزانی برام تا ئەوکاتەی من لەشاخ بووم لەگەڵ من پێشمەرگە بووەو لەگەڵم بووە، لەخێزانی ئێمە (٨)براین من برای گەورەیانمو بارزان برای چوارەممانە، بێگومان لەرووی برایەتیەوە من هەرکاتێك بڕۆم دابنیشم لەماڵی باوکم هەر حەوت براکەی دیکەم لەبەر دەمی مندا قسەناکەن ئیحترامو ڕێزێکی تایبەتی بۆمن دادەنێن، گەورەو بچوکایەتی زۆر تایبەتی لەناو خێزانی ئێمەدا هەیە لەناو هەمووماندا، جۆرێك لە خۆشەویستی ئەوان بۆمن ئەوەیە کە من هەموو ژیانم پێشمەرگایەتی بووە، بەماڵی دنیاو هەندێ شت خۆم خەریك نەکردووە. بەڵام بارزان گەنجیشە دیارە زروفێکی تایبەتی ئەو ئیهتیمامەی داوە بە بارزان کە پێم خۆش نییە لێرە بیڵێم، ئەویش گەنجەو حەقی خۆیەتی، ئێستا مەسئولی مەڵبەندێکە لەڕووی پارەو دەسەڵاتەوە هەیەتی یەعنی هەم خۆشی ئیشی کردووەو هەڵسوڕاوە هەم زروفێکیش بووە یارمەتی ئەوی داوە بۆ ئەوەی باشتر گەشەبکاو پێش کەوێت، من ڕەنگە ساڵی جارێك بارزانی برام ببینم، مەسەلەن پار کچی بارزان سوتاو ئەمری خودای کرد بۆ تەعزیەکەی چوومەوە لەوێ بارزانم بینیوە ئیدی نەمدیتۆتەوە، نەك لەبەر ئەوەی کە عیلاقەمان نییەو شتی وا، بەڵام من سەردانی سلێمانیم نەکردووە، هەڵبەتە کەسو کاری من هەمووی لە سلێمانییە، من موعاناتی ئەوەشم هەیە سێ جار سلێمانیم بەجێ هێشتووە، جارێکیان چوار ساڵ، جارێکی دیکەش دوازدەساڵ دواتر یازدەساڵ، جارێکیان بەهۆی زروفێکی خێزانیەوە ئەخیری ساڵی ١٩٧١ بۆ ١٩٧٢ نزیکەی چوارساڵ تەبعەن پێشمەرگەی پارتی بووم ئەوکات، تا نسکۆ دواتر گەڕامەوە سلێمانی، جاری دووەم هەربەهۆی خەباتەوە کە لەساڵی ١٩٧٦ دەستمانکردەوە بەخەبات لەگەڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، بەڵام کۆمەڵەی من جیاوازبوو لەوکۆمەڵەی ئەوانی دی.

**زنار/ کۆمەڵەی تۆ چۆن لە ئەوانی دی جیاواز بوو**

هەڵۆ ئەحمەد: ئەوە پرسیارێکە ولاَ م زۆرهەڵدەگرێ، لەدەرفەتی دیکەدا دەتوانن لێم بپرسن بەڵام پێتان سەیرە کۆمەڵەیەك بێ قەت دەنگێکی نەبووبێ قەت بیر لەپارە نەکاتەوە هەموو ژیانی کوردایەتی بێ، کۆمەڵەیەکی کەش بێت خاوەنی قەسرو چەندین ئافرەتی قاچاغو نازانم چی بێت، ئەو دوو کۆمەڵەیە نابێت وەك یەك سەیری بکەی، کۆمەڵەیەك لەیەکەم کۆنگرەی یەکێتی نیشتیمانی وازی هێنابێ، ئێستاباسی ئەو کۆمەڵەیە ناکەم کە لەناو یەکێتی تواوەتەوە دووبیرو ڕەفتاری جیاوازن لەهەلومەرجی خۆیدادەکرێ ئەمانە باس بکەین پێموایە هێشتا زووەباسی ئەم شتانە بکەین، بەڵام ئەوکاتیش کەخەباتمان دەستپێکردەوە بەراستی کاریگەرێتی پارتیم هەرلەسەر بووە، چونکە پێشتر پارتی بووم پێشمەرگەبوومو دووجار بریندارببووم، بەهەرحاڵ لەخەباتی شار ماوەیەك بەنهێنیو ئیختیفا دوایش چومەتە شاخو پیشمەرگەبووم تا وەختی ڕاپەڕین دواترجارێکی کە لە ساڵی ١٩٩٦دا بەپێ هەموو کوردستانم بەجێ هێشت بەبێ هاوکاری کەس چوومە ئەوروپا دواتر لە ساڵی ٢٠٠٠ هاتمەوە بۆ هەولێرو دانیشتم پارتی بووم ئەوکات، ئیتر لەساڵی ٩٦ەوە سلێمانیم بەجێ هێشتووە ئێستا ساڵی ٢٠٠٧ باوەڕدەکەم لەم یازدە ساڵە هەر سێ جار جارچوار چوومەتەوە ئەویش بەئیش لەبەر ئەوە نەك هەر لەبراکانم بەڵکو لەهەموو کەسو کاریشم دابڕاوم .

**زنار/ ئێمە هیچ پرسیارێکمان نەماوە گەرخۆت شتێك مابێ**

هەڵۆ ئەحمەد : هەڵبەتە جەنابتان هاتوون پرسیار دەکەن منیش بەپێی پرسیارەکانی ئێوە وەڵامم داوەتەوە، من پێم خۆش بوو بە دەیان پرسیارم لێ بکەن، بەڵام بەقەدەر پرسیارەکانی جەنابتان هیوادارم جوابم دابێتەوە زۆر سوپاستان دەکەم.

**زنار/ زۆر سوپاس بۆ ئەم کاتەی بۆ زنارت تەرخان کرد.**

هەڵۆ ئەحمەد کوردە/زۆر سوپاس بۆئێوەش و ماندوو نەبن.

■

**دەبێت پێش هەمووشتێك ئافرەتان لەوە تێبگەن کە ناتوانن ئازاد بن گەر گیرفانێکی ئازادیان نەبێ**

■